# بایەخی نووسینەوەی مێژووی كورد لە ڕۆژنامەی هاوكاری دا (1970 – 1975)

ID No. 3724

(PP 107 - 135)

https://doi.org/10.21271/zjhs.24.5.8

**ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر**

بەشی زانستە كۆمەڵایەتییەكان - كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی / زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر

Ahmad.ameen@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2020/08/20**

**پەسندكردن : 2020/10/10**

**بڵاوكردنەوە : 2020/12/10**

**پوختە**

ڕۆژنامەی هاوكاری وەك ڕۆژنامەیەكی كوردی، كە لە ماوەی نێوان ساڵانی (1970 – 2003) لە شاری بەغدا لە دەرچوون بەردەوامبووە، بایەخێكی بە ژیانی ڕۆژنامەگەری كوردی گەیاندووە، لەو سۆنگەیەوە شایەنی ئەوەیە توێژینەوەی ئەكادیمی لە بارەوە ئەنجام بدرێت. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە تیشك بخرێتە سەر بایەخی نووسینەوەی مێژووی كورد لە ڕۆژنامەی هاوكاری دا لە ماوەی نێوان ساڵانی (1970 – 1975)، بەمەش ئەو بابەتانەی لە بارەی ڕووداوە مێژووییەكان و ئەو بابەتانەی تایبەت بە مێژووی كەسایەتی و ناودارەكانی كورد لە نێو ڕۆژنامەكەدا نووسراون، شەنوكەو كراون. دواتریش باسی ئەو گۆشە تایبەتانەی نێو ڕۆژنامەكە كراوە، كە بۆ نووسینەوەی مێژوو كورد تەرخانكراون.

**وشە سەرەكییەكان:** نووسینەوە، مێژوو، كورد، ڕۆژنامە، هاوكاری.

## پێشەكی

**گرنگی توێژینەوە:** ڕۆژنامەی هاوكاری وەك ڕۆژنامەیەكی كوردی سەر بە وەزارەتی ڕاگەیاندنی حكومەتی عێراقی، كە لە ماوەی نێوان ساڵانی (1970– 2003) دەرچووە، پانتاییەكی فراوانی لە ژیانی ڕۆژنامەگەری كوردی داگیركردووە، بەڵام تاوەكو ئێستاكە وەك پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە و توێژینەوەیەكی ئەكادیمی تایبەت و وردی لە بارەوە نەنووسراوە. بەمەش لە سۆنگەی گرنگی ڕۆژنامەكە و بایەخی نووسینەوەی مێژووی كورد لە قۆناغی نێوان ساڵانی (1970–1975) تێیدا، ناونیشانی ئەم توێژینەوە ئەكادیمییە هەڵبژێردراوە.

**ئاستەنگی توێژینەوە**: دیارە ئەنجامدانی كارێكی لەو شێوەیە ئاستەنگ بۆ توێژەر دێنێتە پێشەوە، لەبەر ئەوەی یەك جێ تەواوی ژمارەكانی ڕۆژنامەی هاوكاری بەردەست نین و ئەرشیف نەكراون، بە تایبەتی ژمارەكانی ئەو قۆناغەی بۆ توێژینەوەكە دەستنیشان كراون، بەڵام بە هەوڵ و كۆشش و هاوكاریكردنی دڵسۆزانی بواری نووسینەوەی مێژوو و مێژووی ڕۆژنامەگەری كوردی توانرا توێژینەوەكە بە ئەنجام بگەیەنرێت.

**پێكهاتەی توێژینەوە:** توێژینەوەكە لە پێشەكییەك و چوار تەوەر و ئەنجام پێكهاتووە. تەوەری یەكەم تەرخان كراوە بۆ كورتەیەك دەربارەی مێژووی ڕۆژنامەی هاوكاری بە تایبەتی لە قۆناغی نێوان ساڵانی (1970-1975)، بەمەش ئاماژە بە سەرەتای هەوڵەكانی دەرچوونی ڕۆژنامەكە، دەستەی دامەزرێنەر، دەستەی بەڕێوەبردن، نووسەران، شوێنی چاپ، ژمارەی لاپەڕەكان، نرخ و ڕەنگی بەكارهاتوو كراون. لە تەوەری دووەمدا، تیشكخراوەتە سەر ڕەنگدانەوەی نووسینەوەی مێژووی كورد لە ڕۆژنامەی هاوكاریدا، لەو چوارچێوەیەشدا تێكڕای ئەو بابەتانەی لە بارەی مێژووی كورد لە ڕۆژنامەكەدا نووسراون ئاماژەیان بۆ كراوە. لە تەوەری سێیەمدا، بایەخ و گرنگی نووسینەوەی ژیان و تێكۆشانی كەسایەتی و ناودارانی كورد، كە لە ڕۆژنامەی هاوكاریدا ڕووپەرێكی زۆری داگیركردوون، ئاماژەی بۆ كراوە. لە تەوەری چوارەمدا: باسی ئەو گۆشە تایبەتیانە كراون، كە لە ڕۆژنامەی هاوكاریدا بۆ نووسینەوەی مێژووی كورد و ناساندنی بە خوێنەران تەرخان كراون. لە ئەنجامدا لە دوای شەنوكەوكردنی زانیارییەكان، ئەنجامگیری توێژینەوەكە بە چەند خاڵێك ئاماژەیان بۆ كراوە.

**ڕێبازی توێژینەوە:** توێژەر بۆ گەیشتن بە ئەنجامێكی دروست و زانستییانە، پشتی بە ڕێبازی ڕاگواستنی مێژوویی و ڕێبازی شیكردنەوەی خشتە[1]بەستووە و هەردوو ڕێبازەكەی بە گوێرەی پێویست بە كارهێناوە.

**سەرچاوەکانی توێژینەوە:** جێگەی گوتنە، سەرچاوەی سەرەکی توێژینەوەکە برتییە لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی هاوکاری، بۆ ئەو مەبەست توێژەر لە (297) ژمارەی ڕۆژنامەی هاوکاری ڕوانییوە و (229) ژمارەی سوود لێوەرگرتوون و بەکارهێناون، ئەوە سەرباری چەند سەرچاوەیەکی دیکە، کە لە ڕیزبەندی سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ کراوە.

ئەڵبەتە ئەم توێژینەوە هەوڵێکی نوێیە، بۆیە دەکرێت کون و کەلێنی تێدا بن، بەمەش دەخوازین بە چاوێکی ڕەخنەگرانەی بونیاد نەرانە لە کون و کەلێنەکان ئاگادار بکرێینەوە، بۆ ئەوەی دواجار توێژینەوەکە بتوانێت لافی کارێکی زانستی سەرکەوتوو لێبدات.

**1. کورتەیەك دەربارەی مێژووی ڕۆژنامەی هاوکاری**

ساڵی 1968 دوای ئەوەی بەعسییەکان لە عێراق دەسەڵاتییان گرتەوە دەست، بەهۆی ئەو بارودۆخەی تێیدا بوون، کەوتنە بیرکردنەوەی لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بۆ ئەو مەبەستەش دوای نزیکبوونەوەیان لە هێزە کوردییەکان و وەك پێشاندانی نیاز پاکی، بڕیاری ژمارە (484)یان لە 10/9/ 1969 دەکرد و دانییانیا بە مافی ڕۆشنبیری گەلی کورد *(القرارات العامة لمجلس قيادة الثورة، 1977، ص 597).*

وەلێ، لە دوای ئەو بڕیارە و دەرچوونی گۆڤاری بەیان لە تشرینی دووەمی 1969[(2)]، داوای کۆبوونەوەی ڕۆژنامەنووسانی کورد دەکرێت بۆ ئەوەی ڕۆژنامەیەکی کوردی لە دایك بێت. ئەنجام هەوڵەکان دەخرێنە گەر و ڕۆژنامەی هاوکاری لە 9ی کانوونی دووەمی 1970 وەك ڕۆژنامەیەکی هەفتانە یەکەم ژمارەی چاپ دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە.

دەستەی دامەزرێنەری ڕۆژنامەی هاوکاری وەك ئاماژەی بۆ دەکرێت، پێکهاتوون لە: سەربەست بامەڕنی، جەلال میراز کەریم، محەمەد عوسمان زادە، سەلاح شوکری ئاکرەیی و عەبدوڵڵا عەباس. هەرچی تایبەتدارە بە دەستەی بەڕێوەبردن ئەوە لە ماوەی نێوان ساڵانی (1970-1975) چەند جارێك گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بە جۆرێك لە هەشت ژمارەی یەکەم مونزر عرێم سەرۆکی دەزگای خانەی جەماهیر (دار الجماهیر) بە ناونیشانی لە جیاتی سەرنووسەر لەسەر ڕۆژنامەکە ناوی دێت. لە پاشان لە ژمارە (9)دا ناوی سەربەست بامەڕنی وەك جێگری سەرنووسەر ئاماژەی بۆ کراوە. بە دوای ئەوە لەسەر ڕۆژنامەکەدا هیچ ناوێك بوونی نییە، بەڵام لەم ماوەیەدا بە تایبەتی لە دوای بەیاننامەی 11 مارتی 1970 ماوەی نزیکەی دوو مانگ کەمال ڕەئوف محەمەد دەبێت بە سکرتێری نووسین، دوای ئەوەش دووبارە سەربەست بامەڕنی دەگەڕێتەوە *(عباس، 2018، ل ل62-82).*

شایەنی باسە، ڕۆژنامەی هاوکاری سەرەتا سەرنووسەری نەبووە، تا ئەوەی لە نیوەی دووەمی ساڵی 1971 حیلمی عەلی شەریف (1930-1998) بە فەرمی دەبێتە سەرنووسەر، بەمەش حیلمی بەردەوام دەبێت تا دامەزراندنی دەزگای هاوکاری بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی ساڵی 1974[(3)]. لە دوای ئەو قۆناغە ماوەیەك محەمەد حاجی تاهیر وەك سەرنووسەر و حەمید عەزیز وەك سکرتێری نووسین ڕۆژنامەکە بەڕێوەدەبەن، ئەوانیش بەردەوام دەبن تا ئەوەی لە مایسی 1975 غفوری میرزا کەریم دەکرێت بە سەرنووسەر، لە سەردەمی غەفوری میرزا کەریم جارێکی دیکە سەربەست بامەڕنی وەك سکرتێری نووسین دەگەڕێتەوە، بەڵام بەهۆی گواستنەوەی ڕاژەی سەربەست بامەڕنی بۆ وەزارەتی شارەوانی، عەبدوڵڵا عەباس لە ئابی 1975 دەبێتە سکرتێری نووسین *(عباس، 2018، ل ل 92-102).*

بنەماڵەی یەکەمی ڕۆژنامەی هاوکاری جگە لە سەربەست بامەڕنی، جەلال میرزا کەریم، محەمەد عوسمان زادە، سەلاح شوکری ئاکرەیی و عەبدوڵڵا عەباس، هەر یەك لە: مومتاز حەیدەری وەك پەیامنێر[(4)]، شێخ غیاسەدین نەقشبەندی، کەمال محەمەد ڕەئوف، مەحمود زامدار، ئیبراهیم عەزیز حاجۆن، نووری حەیران، حەمید عوسمان، حەمید عەزیز، ئەنوەر مەحمود، سەلاح ئەحمەد شوان ، عەلی نەقشبەندی و حوسێن عارف وەك نووسەر ڕۆڵیان بینوە *(هاوکاری، ژمارە 52، 1971/1/2، ل14)*، بە دوای ئەوەش گۆڕانکاری زۆری تێدەکەوێت و ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامەنووس و نووسەرانی کورد بەشداری تێدا دەکەن *(نریمان، بيبليۆگرافیای...، 1989، ل7).*

ئەرکی دەرچوواندنی ڕۆژنامەی هاوکاری لە ماوەی نێوان ساڵانی (1970-1975) گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بە جۆرێك لە ژمارە (1)ی ساڵی 1970 تا ژمارە (20)ی ساڵی 1971[(5)] دەزگای گشتی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە سەر بە وەزارەتی ڕاگەیاندن دەریکردووە، پاشان لە ژمارە (21) ساڵی 1971 تا ژمارە (224) ساڵی 1975 ئەرکی دەرچواندنی لە ئەستۆی خانەی جەماهیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە بووە. دوای ئەوەش لە ژمارە (225)یشەوە دەزگای هاوکاری بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی دەری چواندووە[(6)].

هەرچی پەیوەستە بەو چاپخانەیەی ڕۆژنامەکەی تێیدا چاپکراوە، ئەوە لە سەرەتادا لەسەر ڕۆژنامەکە ئاماژە بۆ ناوی چاپخانە نەکراوە، بەڵام لە ژمارە (122) لە 1972/6/24 ناوی چاپخانەی (دار الحرية) خراوەتە سەر و بەردەوام لەو چاپخانەیە چاپکراوە.

ڕۆژنامەی هاوکاری سەرەتا بە شازدە لاپەڕەی قەبارەی بچووك دەرچووە، دواتریش دەبێتە هەشت لاپەڕەی قەبارە گەورە، ئیدی بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تا ئەوەی بە فەرمی ڕۆژنامەکە لە ژمارە (287) لە 1975/10/3 دەبێتە دوازدە لاپەڕە[7].

نرخی ڕۆژنامەی هاوکاری، کە لەسەر لاپەڕەی یەکەمدا ئاماژەی بۆ کراوە، سەرەتا (20 فلس)[8] بووە، تا ئەوەی لە ژمارە (225) لە 1975/7/5 بۆتە (25 فلس)، بەڵام دەبێت ئەوەش بووترێت، کە لە هەندێك ژمارەکانیدا ئەو نرخە بە پێی قەبارەی ڕۆژنامەکە گۆڕانی بەسەر داهاتووە وەك: لە ژمارە (23) لە 1970/6/15 کە بە شەش لاپەڕە دەرچووە نرخی (15 فلس) بووە، ژمارە (24) لە 1970/6/20 چوار لاپەڕە بووە نرخی (10 فلس) نووسراوە، ژمارە (تایبەت)، کە لە 1972/1/1 لەسەر شێوەی گۆڤار و بە چل و دوو لاپەڕە دەرچووە نرخی (50 فلس) بووە[9].

ڕەنگی بەکارهاتوو لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا، بە شێوەیەکی گشتی ڕەش و سپی بووە، بەڵام لە تەك ئەوەشدا ڕەنگی سوور بۆ لۆگی ڕۆژنامەکە بەکارهاتووە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی لە هەندێك لە ژمارەکانیدا ڕەنگەکانی شین، زەرد و سەوز بەکارهاتوون.

وەك ئاماژەمان بۆ کرد ڕۆژنامەی هاوکاری ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بووە، بەمەش بە شێوەیەکی گشتی ڕۆژانی شەمە یاخود هەینی دەرچووە[10]، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە بەردەوام بوو بێت و لە کاتی خۆی دوانەکەوتبێت، لەبەر ئەوەی بە وردبوونەوە لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە دەرکەوێت، کە هەندێك جار بە هۆکاری پشوو و هەندێك جاریش بەبێ هۆکار لە وادی خۆی دواکەوتووە[11]، ئەوە سەربارەی ئەوەی لە دوای بڵاوکردنەوەی بانگەوازی "**ئەی قەڵەمە نەترسەکان ... یەکگرن!**" لە ژمارە (17) لە 1971/5/8 و بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایی بەرانبەر بانگەوازەکە، بۆ ماوەی مانگێك بە بڕیارێکی فەرمی ڕۆژنامەکە دەوەستێندرێت *(عەباس، 2018، ل ل 79-88).*

ماوەی نێوان ساڵانی (1970-1975) ڕۆژنامەی هاوکاری (297) ژمارەی لێدەرچووە، لێرەشدا لەگەڵ ئەوەی لاپەڕەکانی بۆ هەواڵی تایبەت، دەنگوباسی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، ئەدەب و ڕۆشنبیری، مەسەلەی ژن، وەرزش و بابەتی هەمەرەنگ تەرخان کردووە، دەکرێت بووترێت زەمینەیەکی باشیشی بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد ڕەخساندووە، کە لە تەوەرەکانی داهاتوودا بە وردی باسی لێوە دەکەین.

### 2. ڕەنگدانەوەی نووسینەوەی مێژووی کورد لە ڕۆژنامەی هاوکاری دا

ڕۆژنامەی هاوکاری وەك ڕۆژنامەیەکی کوردی، لە لاپەڕەکانیدا چەند بابەتێکی تایبەت بە مێژووی دێرینی نەتەوەی کورد تێیدا نووسراوەتەوە. لەو چوارچێوەیەشدا لە ناوەڕۆکی بابەتەکاندا جەخت لە بوونی کورد لە قۆناغەکانی مێژووی کۆن لە ناوچەکەدا کراوەتەوە و هەوڵی شێواندنی مێژووی کورد لە لایەن نووسەرانی بێگانە ڕەتکراوەتەوە. (بڕوانە: خشتەی ژمارە 1).

**خشتەی ژمارە (1)**[12]

**بابەتەکانی تایبەت بە مێژووی دێرینی کورد**

| ناوی نووسەر | ناوی بابەت | وەرگێڕ | زنجیرە | ژمارە | ڕێکەوت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| زاگرۆس | کورد لە مێژووی بێگانەدا | | | 36 | 1970/9/12 | 9 |
| مینورسکی | کوردەکان چەند تێبنی وسەرنجێك | مارف خەزنەدار | | 132 | 1972/9/2 | 6 |
| ئاراس | کورد لە مێژوودا | | یەکەم | 243 | 1974/11/22 | 5 |
| ئاراس | کورد لە مێژوودا | | دووەم | 244 | 1974/11/29 | 5 |
| ئاراس | کورد لە مێژوودا | | سێیەم | 249 | 1975/1/10 | 5 |
| نەریمان | خزمایەتی کورد و هیند | | | 250 | 1975/1/17 | 4 |
| ئاراس | کورد لە مێژوودا | | چوارەم | 259 | 1975/3/21 | 5 |

لایەنێکی دیکەی، کە لە ڕۆژنامەی هاوکاری بایەخی پێدراوە، نووسینەوەی مێژووی شارە کوردییەکان و شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستانە، بەمەش لە بارەی هەر یەکە لە: مێژووی شاری کەرکووك، هەولێر و شوێنەرواره دێرێنەکانی، شوێنەوارە دێرینەکانی ناوچەی سلێمانی، مێژووی کۆنی زاخۆ، شوێنەوارەکانی کۆیە، مێژووی کۆنی ئامێدی، ناوچەی شارەزوور، گردەکەی تەپەکوڕە لە ناوچەی هەڵەبجە، هەندێك لایەنی شارستانییەتی لە پێنجوین و مەزارگەی شێخ ئادی شێخی ئێزیدییەکان، بابەتی گرنگ و بایەخدار نووسراون. (بڕوانە: خشتە ژمارە 2).

**خشتەی ژمارە (2)**

**بابەتی تایبەت بە مێژووی شار و شێوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان**

| ناوی نووسەر | ناوی بابەت | وەرگێڕ | زنجیرە | ژمارە | ڕێکەوت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| رضا شوان | مێژووی شاری کەرکوك | | یەکەم | 32 | 1970/8/15 | 2 |
| رضا شوان | مێژووی شاری کەرکوك | | دووەم | 34 | 1970/8/29 | 2 |
| رضا شوان | مێژووی شاری کەرکوك | | سێیەم | 35 | 1970/9/5 | 2 |
| صالح علی گوللی | زاخۆ ددێرێکی دا | | یەکەم | 2 | 1971/1/16 | 4 |
| صالح علی گوللی | زاخۆ ددێرێکی دا | | دووەم | 3 | 1971/1/23 | 4 |
| برهان قانع | لە شارستانییەتی ڕابردوومان و ... | | | 15 | 1971/2/24 | 6 |
| جەبار جەباری | باوەگوڕگوڕ لە مێژوودا | | | تایبەت | 1972/1/1 | 25 |
| | گەشتێك لە دەربەندی بازیانەوە ... | احمد رێبوار | یەکەم | 133 | 1972/9/9 | 6 |
| | گەشتێك لە دەربەندی بازیانەوە ... | احمد رێبوار | دووەم | 135 | 1972/9/23 | 6 |
| | گەشتێك لە دەربەندی بازیانەوە ... | احمد رێبوار | سێیەم | 136 | 1972/9/30 | 6 |
| | گەشتێك لە دەربەندی بازیانەوە ... | احمد رێبوار | چوارەم | 138 | 1972/10/14 | 6 |
| | گەشتێك لە دەربەندی بازیانەوە ... | احمد رێبوار | پێنجەم | 139 | 1972/10/21 | 6 |
| | گەشتێك لە دەربەندی بازیانەوە ... | احمد رێبوار | شەشەم | 141 | 1972/11/4 | 6 |
| یوسف احمد دەرگەڵەیی | هەولێر و شێونەوارەکانی | | یەکەم | 141 | 1972/11/4 | 6 |
| یوسف احمد دەرگەڵەیی | هەولێر و شێونەوارەکانی | | دووەم | 144 | 1972/12/1 | 6 |
| یوسف احمد دەرگەڵەیی | هەولێر و شێونەوارەکانی | | سێیەم | 146 | 1972/12/15 | 4 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خەلیل هەکاری | مەزارها شێخ ئادی | | | 147 | 1972/12/22 | 6 |
| برهان قانع | شارەزووری دوێنی و ئەمڕۆ | | | 175 | 1973/7/13 | 4 |
| سکڤان عبدالحکیم | ئامێدی | | | 196 | 1973/12/7 | 5 |
| گۆشاد کاروان | کۆیە و چەند یادگارییەك | | | 234 | 1974/9/13 | 8 |
| معروف قەرەداغی | گردەکەی تەپەکوڕە | | | 248 | 1975/1/3 | 5 |

شایەنی باسە، لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا بایەخ بە نووسینەوەی مێژووی ئاین لە کوردستان دراوە بەمەش لە بارەی مێژووی ئاڤێستا، ئاینی زەردەشت و سروتەکانی، سەرەتای پێوەندیکردنی کورد بە ئاینی ئیسلام و بیروباوەڕی ئێزیدییەکان. بابەتی هەمە جۆر نووسراون. (بڕوانە: خشتەی ژمارە 3).

**خشتەی ژمارە (3)**

**بابەتی تایبەت بە مێژووی ئاین لە کوردستان**

| ناوی نووسەر | ناوی بابەت | وەرگێڕ | زنجیرە | ژمارە | ڕێکەوت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| زهیر احمد القیسی | کتیە یەکەم سەحابەی کورد ... | | | 29 | 1970/7/25 | 8 |
| محمود زامدار | ئاهورا و ئەشای زەردەشت | | | تایبەت | 1972/1/1 | 28 |
| خەلیلێ جوندی | ئاینێ ئێزدیان و پاشقەمایێد ... | | | 194 | 1973/11/23 | 5 |
| خەلیلێ جوندی | جەژنی یەزیدیەکان | | | 202 | 1974/1/25 | 5 |
| خەلیلێ جوندی | یەزیدییەکان و ڕژێمی چینایەتی | | یەکەم | 213 | 1974/4/12 | 5 |
| خەلیلێ جوندی | یەزیدییەکان و ڕژێمی چینایەتی | | دووەم | 214 | 1974/4/19 | 5 |
| خەلیلێ جوندی | یەزیدییەکان و ڕژێمی چینایەتی | | سێیەم | 216 | 1974/5/3 | 5 |
| خەلیلێ جوندی | یەزیدییەکان و ڕژێمی چینایەتی | | چوارەم | 218 | 1974/5/17 | 5 |
| خدری سلێمان | لایەنێك لە بارەی یەزیدییەکان | خەلیل جوندی | یەکەم | 219 | 1974/5/24 | 5 |
| خدری سلێمان | لایەنێك لە بارەی یەزیدییەکان | خەلیل جوندی | دووەم | 221 | 1974/6/7 | 5 |
| | مێژووی ئاوێستا | محەمەدئەمین هەورامی | یەکەم | 251 | 1975/1/24 | 5 |
| | مێژووی ئاوێستا | محەمەدئەمین هەورامی | دووەم | 252 | 1975/1/31 | 5 |

نەورۆز وەك بۆنەیەکی مێژوویی نەتەوەی کورد، لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا بابەتی زۆری لە بارەوە نووسراوە، بەتایبەتی لەو ژمارانەی، کە هاوکات بووینە لەگەڵ بۆنەی نەورۆزدا (بڕوانە: خشتە ژمارە 4)، لەو سۆنگەشەوە لە یەکەمین نەورۆزی تەمەنی ڕۆژنامەکەدا لە گۆشەی ڕێڕەوی هاوکاریدا هاتووە: "... **ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی کۆنی نەتەوەی کورد دەور بکەینەوە ئازایەتی و نەبەردی ڕۆڵەکانی و دڵسۆزیان بەرامبەر خەڵکی تر و دۆست و نزیکیان تێ ئەگەین. نموویەکیش لەو دڵسۆزی و ئازایەتییەی ڕۆڵەی نەتەوەکەمان کاوەی ئاسنگەر و زەحمەتکێشە کە چەند هەزار ساڵ لەمەو پێش بەهاوکاری دەستەیەك پیاوی مەرد و بەجەرگ ڕاپەڕی و ناڕەواترین داستانی زوڵم و گوناهـ و تاوانی هەڵگێرایەوە ... هەر ئەو ڕۆژە پیرۆزە کە ڕێکەوتی یەکەمر ڕۆژی بەهارە تاهەتا هەتایە چەژنی سەربەستی و شاودومانی میللەتەکەمانە ...**"*(هاوکاری، ژمارە 10، 1970/3/21، ل1)*.

**خشتەی ژمارە (4)**

**بابەتی تایبەت بە مێژووی نەورۆز**

| ناوی نووسەر | ناوی بابەت | ژمارە | ڕێکەوت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| علاءالدين سجادی | مێژووی نەورۆز | 10 | 1970/3/21 | 7 |
| م. زامدار | هەڵبژاردەی نەورۆز | 11 | 1970/3/28 | 7 |
| عارف کەریم | نەورۆز و وەزری نوێ | 10 | 1971/3/21 | 6 |
| | نەورۆز و مێژووی خەباتی چینایەتی | 109 | 1972/3/25 | 2 |
| | نەورۆزی پیرەمێردی نەمر | 109 | 1972/3/25 | 4 |
| | چەژنی نەورۆز یادی ڕوداوێکی مێژووی کورد | 159 | 1973/3/23 | 2 |
| انور محمود | چەژنی نەورۆز | 159 | 1973/3/23 | 4 |
| عبدالرحمن زەبیحی | باتەپوتۆزی ساڵان لە نەورۆز بتەکێنین | 159 | 1973/3/23 | 5 |
| حەمەئەمین | نەورۆز و کاوە و شۆڕش | 159 | 1973/3/23 | 8 |
| حەمید عەزیز | نەورۆز و وردە سەرنجێك | 159 | 1973/3/23 | 8 |
| عبدالله بەرزنجی | بەسەرهاتی نەورۆز و سەرکەوتن | 159 | 1973/3/23 | 8 |
| عبدالرحمن زەبیحی | نەورۆز لە مێژووی نەتەوەی کوردا | 210 | 1974/3/21 | 3 |
| مەجید نەدیم | جەژنی نەورۆزی کورد | 210 | 1974/3/21 | 5 |
| برهان قانع | نەورۆز ماکی ڕاپەڕینکی ڕەسەنە | 210 | 1974/3/21 | 8 |
| تاڤگە | نەورۆز چییە؟ | 210 | 1974/3/21 | 8 |
| عبدالله بەرزنجی | هەر سەرکەوتو بێت چەژنی نەورۆز | 210 | 1974/3/21 | 8 |
| حەمید عەزیز | نەورۆز هاتنەوەی کاوە و سرودی ... | 210 | 1974/3/21 | 8 |
| مەحمود زامدار | میللەتی نەورۆز و خەڵاتی نۆبل | 210 | 1974/3/21 | 8 |
| جەمال بابان | یادی نەورۆز | 259 | 1975/3/21 | 3 |
| دڵشاد محەمەد ئەمین | نەورۆز و کاوە = سروشت و مرۆڤ | 259 | 1975/3/21 | 3 |
| مەسعود محەمەد | تریفەیەکی نەورۆز | 259 | 1975/3/21 | 3 |
| کەمال غەمبار | نەورۆز و چەژنی ڕاپەرین و سەرکەوتنە | 259 | 1975/3/21 | 8 |

نووسینەوەی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە قۆناغە جیاوازەکاندا لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا ڕەنگیداوەتەوە. لەو چوارچێوەیەشدا لە چەند بابەتێکی جیاوازدا ئاماژە بە مێژووی میرنشینی بابان، میرنشینی سۆران بە تایبەتی سەردەمی میر محەمەد پاشای گەورە (1813-1836)، میرنشینی بادینان، میرنشینی ئەردەڵان، هەوڵەکانی بەدرخان پاشا (1812-1848) بۆ سەربەخۆیی، بارودۆخی کوردستان و هەوڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ دەستگرتن بەسەر میرنشینەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمد، کراوە. لە لایەکی دیکەشدا لە بارەی هەریەك لە: شۆڕشی شێخ عوبدوڵلای نەهری، تێکۆشان و خەباتی شێخ عەبدولسلام بارزانی (1887-1914)، ڕۆڵی کورد لە کوشتاری ئەرمەن ساڵی 1915، شۆڕش و ڕاپەڕینەکان لە دژی ئینگلیز[13]، کاریگەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر کورد، بارودۆخی کوردستان لە نێوان پەیماننامەی سیڤەر ساڵی 1920 و لۆزان ساڵی 1923،

سیاسەتی و تێروانینی داگیرکەرانی کوردستان، خەبات و تێکۆشانی سمکۆی شکاك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شۆڕشی ساڵی 1925 لە باکووری کوردستان، ڕاپەڕینی بەردەکی سەرای سلێمانی 1930، دامەزراندن کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ-ك) ساڵی 1942، دامەزراندن و ڕۆڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. کۆماری کوردستان لە مەهاباد ساڵی 1946، دامەزراندن و ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕووداوەکانی گاورباغی ساڵی 1946 لە کەرکووك، بەشداریکردنی کورد لە ڕاپەڕینی (وەسبەی) کانوونی دووەمی 1948، دەستکەوتەکانی کورد لە شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 و خەباتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا. بابەتی گرنگ و پڕ زانیاری نووسراون. (بڕوانە: خشتە ژمارە 5).

**خشتەی ژمارە (5)**

**بابەتی تایبەت بە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد**

| ناوی نووسەر | ناوی بابەت | وەرگێڕ | زنجیرە | ژمارە | ڕێکەوت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| عیزەدین مستەفا | لێنین و کورد | | | 15 | 1970/4/25 | 3 |
| | فروغی[14] لەسەر کورد چی بە حکومەتەکەی وتووە؟ | | | 19 | 1970/5/23 | 2 |
| کەریمی حوسامی | کۆماری میللی کوردستان بۆچی ڕوخا؟ | | یەکەم | 26 | 1970/7/4 | 8 |
| کەریمی حوسامی | کۆماری میللی کوردستان بۆچی ڕوخا؟ | | دووەم | 27 | 1970/7/11 | 8 |
| مومتاز حەیدەری | شۆڕشی 14ی تەموز و گەلی کورد | | | 28 | 1970/7/17 | 2 |
| کەریمی حوسامی | 25 ساڵ خەبات و تێکۆشان | | | 32 | 1970/8/15 | 3 |
| جەمشید حەیدەری | بەبۆنەی بەستنەوە کۆنگرەی 14هەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا | | | 30 | 1970/8/1 | 2 |
| | کۆماری مەهاباد لە دڵی نەتەوەکەمان زیندووە | | | 50 | 1970/12/19 | 1 |
| برایم حاجۆ | لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕەزاندوز | | | 2 | 1971/1/16 | 7 |
| انور محمود و محمد اسماعیل | بیرەوەری 46 ساڵەی ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1925 | | | 12 | 1971/4/3 | 4 |
| برهان شرعی | چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕاپەڕینەکەی سمکۆ | | | 15 | 1971/4/4 | 4 |
| بورهان قانع | پارتی دیموکراتی کوردستان پارتی پێشڕەوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان | | | 29 | 1971/8/21 | 3 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| عبدالله عباس | لە1946 ەوە بۆ 1971 پارتی پێشڕەوی خەڵكی كوردستان | | | 29 | 1971/8/21 | 3 |
| برایم حاجۆ | پارتی دیموكراتی كوردستان بەرهەمی خەبات و بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی كوردە | | | 29 | 1971/8/21 | 5 |
| بێ ناڤ بێ ناڤ | بلا هەر برژیێت ئالا پارتیا مەزن لسەر چیاییێت بلّندێن كوردستانێ | | | 29 | 1971/8/21 | 5 |
| انور محمود | پارتی رابەر و سەركردەی جەماوەری كوردستانە | | | 29 | 1971/8/21 | 6 |
| محمود زامدار | هەڵوێستەكانی پارتی پێشڕەو | | | 29 | 1971/8/21 | 8 |
| عبدالرحمن مزوری | سماییل پاشای بەهدینی | | | 31 | 1971/9/4 | 5 |
| | بەرپەرەك ژ خەباتا مللەتێ كورد | علی نقشبندی | یەكەم | 36 | 1971/10/9 | 5 |
| | بەرپەرەك ژ خەباتا مللەتێ كورد | علی نقشبندی | دووەم | 37 | 1971/10/16 | 5 |
| | بەرپەرەك ژ خەباتا مللەتێ كورد | علی نقشبندی | سێەم | 40 | 1971/11/6 | 5 |
| عبدالرحمن مزوری | ژیانا بەدرخان پاشای | | | 43 | 1971/11/27 | 3 |
| عادل | گەلی كورد بە زەبرو زەنگی جەللادەكانی حەمە ڕەزا شا چاوترسێن نابێ | | | 44 | 1971/12/4 | 2 |
| احمد عثمان | بزاڤ و خەباتا شێخ عبدالسلام بارزانی | علی نقشبندی | | 44 | 1971/12/4 | 5 |
| عادل | سیاسەتی فاشستی بنەماڵەی پەهلەوی دەربارەی كورد | | | 103 | 1972/2/12 | 2 |
| ئەحمەد ڕەنجەڕۆ | كۆماری مەهاباد لە چەند دێڕێكدا | | | 110 | 1972/4/1 | 2 |
| خوێنەرێك | ڕوون كردنەوەیەك | | | 111 | 1972/4/8 | 2 |
| | كۆنەپەرستی ئێران و مافە نەتەوایەتیەكانی گەلی كورد | | | 120 | 1972/6/1 | 2 |
| مصدق توفی | بەرپەرێكی زێڕین ژمێژو وا مللەتێ كورد | | | 127 | 1972/7/29 | 5 |
| احمد عثمان | شۆڕشا شێخ عبیداللەێ نەهری سالا 1880ێ | علی نقشبندی | یەكەم | 129 | 1972/8/12 | 5 |
| احمد عثمان | شۆڕشا شێخ | علی | دووەم | 130 | 1972/8/19 | 5 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | عبداللەێ نەهری سالا 1880ێ | نقشبندی | | | | |
| | ڕۆژی شەشی ئەیلولی نەمر تاقیكردنەوەیەكی بایەخداری نەتەوەی كوردە | | | 133 | 1972/9/9 | 1 |
| عادل | لاپەڕەیەكی زێڕین لە مێژووی نەتەوەی كورد | | یەكەم | 151 | 1973/1/26 | 2 |
| بدرخان سندی | تەجروبەیەك ناوی مەهاباد بوو | | | 151 | 1973/1/26 | 4 |
| بدرخان سندی | شۆڕشگێڕێكی كورد كە ناوی سمكۆیە | | یەكەم | 152 | 1973/2/2 | 2 |
| عادل | لاپەڕەیەكی زێڕین لە مێژووی نەتەوەی كورد | | دووەم | 152 | 1973/2/2 | 3 |
| بدرخان سندی | شۆڕشگێڕێكی كورد كە ناوی سمكۆیە | | دووەم | 153 | 1973/2/9 | 3 |
| عادل | لاپەڕەیەكی زێڕین لە مێژووی نەتەوەی كورد | | سێیەم | 153 | 1973/2/9 | 3 |
| عادل | لاپەڕەیەكی زێڕین لە مێژووی نەتەوەی كورد | | چوارەم | 154 | 1973/2/16 | 2 |
| بدرخان سندی | شۆڕشگێڕێكی كورد كە ناوی سمكۆیە | | سێیەم | 154 | 1973/2/16 | 3 |
| علی نقشبندی | بەرپەرەكێ ڕەنگین ژمێژووا ئامێدیێ | | | 154 | 1973/2/16 | 5 |
| عادل | لاپەڕەیەكی زێڕین لە مێژووی نەتەوەی كورد | | پێنجەم | 155 | 1973/2/23 | 2 |
| عادل | لاپەڕەیەكی زێڕین لە مێژووی نەتەوەی كورد | | شەشەم | 156 | 1973/3/2 | 2 |
| عادل | لاپەڕەیەكی زێڕین لە مێژووی نەتەوەی كورد | | حەوتەم | 157 | 1973/3/9 | 2 |
| عزیز محمود علی | سەرنجێك لە مێژووی دروستبوونی میرنشینی بابان تاكو ڕووخانی | | یەكەم | 157 | 1973/3/9 | 2 |
| عادل | لاپەڕەیەكی زێڕین لە مێژووی نەتەوەی كورد | | هەشتەم | 158 | 1973/3/16 | 2 |
| عادل | لاپەڕەیەكی زێڕین لە مێژووی نەتەوەی كورد | | نۆیەم | 159 | 1973/3/23 | 2 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| عادل | لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی نەتەوەی کورد | | دەیەم | 160 | 1973/3/30 | 2 |
| بدرخان سندی | دەوری گەلی کورد لە شۆڕشی ساڵی 1920دا | | یەکەم | 160 | 1973/3/30 | 3 |
| بدرخان سندی | دەوری گەلی کورد لە شۆڕشی ساڵی 1920دا | | دووەم | 161 | 1973/4/6 | 2 |
| بدرخان سندی | دەوری گەلی کورد لە شۆڕشی ساڵی 1920دا | | سێیەم | 162 | 1973/4/13 | 2 |
| عزيز محمود علی | سەرنجێك لە مێژووی دروستبوونی میرنشینی بابان تاکو ڕووخانی | | دووەم | 162 | 1973/4/13 | 2 |
| بدرخان سندی | دەوری گەلی کورد لە شۆڕشی ساڵی 1920دا | | چوارەم | 163 | 1973/4/20 | 2 |
| بدرخان سندی | دەوری گەلی کورد لە شۆڕشی ساڵی 1920دا | | پێنجەم | 164 | 1973/4/27 | 2 |
| ع.ن | بەر پەڕەك ژمێژوویا کەڤن | | | 164 | 1973/4/27 | 5 |
| بدرخان سندی | دەوری گەلی کورد لە شۆڕشی ساڵی 1920دا | | شەشەم | 165 | 1973/5/4 | 2 |
| عزيز محمود علی | سەرنجێك لە مێژووی دروستبوونی میرنشینی بابان تاکو ڕووخانی | | سێیەم | 165 | 1973/5/4 | 2 |
| غائب | سیاسەتی کاربەدەستانی ڕژێمی شا بەرامبەر مەسەلەی کورد | | یەکەم | 167 | 1973/5/18 | 2 |
| غائب | سیاسەتی کاربەدەستانی ڕژێمی شا بەرامبەر مەسەلەی کورد | | دووەم | 168 | 1973/5/25 | 2 |
| عبدی دهۆکی | ژمێژووا کەڤن | | | 173 | 1973/6/29 | 5 |
| عزيز محمود علی | سەرنجێك لە مێژووی دروستبوونی میرنشینی بابان تاکو ڕووخانی | | چوارەم | 174 | 1973/7/6 | 2 |
| بەهرە | چەند وشەیەك لە یادی گاورباغی و شۆڕش و کەنەفانیدا | | | 175 | 1973/7/13 | 8 |
| عبدی دهۆکی | ژمێژووا کەڤن | | | 177 | 1973/7/27 | 5 |
| ئێکی | بەرپەڕەك | | | 178 | 1973/8/3 | 5 |
| عادل | خوێنی ئازادیخوازانی کوردی ئێران قسەکانی فەرەج | | | 179 | 1973/8/10 | 2 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | وەدرۆدەخانەوە | | | | | |
| | شەشی ئەیلول لاپەڕەیەکی زێرینی خەباتی گەلی کوردە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان | | | 183 | 1973/9/7 | 1 |
| | یادی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان | | | 183 | 1973/9/7 | 2 |
| صدیق علی ئامێدی | کوردینی ئوشەڕەنیخا تەخەیێ | | | 187 | 1973/10/5 | 5 |
| عبدی دهۆکی | ژمێژووا کەڤن | | | 189 | 1973/10/19 | 5 |
| عبدی دهۆکی | ژمێژووا کەڤن | | | 190 | 1973/10/26 | 5 |
| عبدی دهۆکی | ژمێژووا کەڤن | | | 192 | 1973/11/9 | 5 |
| فارس عبدلله محو | ڕاستیێت کارەستا ئەرمەنیا دنێڤ تورکان و کوردان دا | | یەکەم | 224 | 1974/6/28 | 5 |
| فارس عبدلله محو | ڕاستیێت کارەستا ئەرمەنیا دنێڤ تورکان و کوردان دا | | دووەم | 225 | 1974/7/5 | 5 |
| مام هۆمەر | خان ئەحمەد خانی زەڵم | | | 225 | 1974/7/5 | 3 |
| | یادی ڕاپەڕینەکەی شەشی ئەیلول | | | 233 | 1974/9/6 | 4 |
| ئەردەلان | بۆچی شا عەباس خوشکی خۆیدا بە خان ئەحمەدی زەڵم | | | 237 | 1974/10/4 | 6 |
| | ڕاپەڕینەکەی کانوون چی ئەگەیەنی؟ | | | 252 | 1975/1/31 | 1 |
| شێروان | ڕۆژێکی پڕشنگداری نەتەوەی کورد | | | 252 | 1975/1/31 | 2 |
| علی نقشبندی | بەرپەرەك ژمێژووا ڕەنگینا کوردی | | | 272 | 1975/6/20 | 5 |
| غفور میرزا کەریم | لە یادی ڕاپەڕینەکەی گاورباغیدا | | | 275 | 1975/7/11 | 4 |
| غەفور | لە یادی 6ی ئەیلولدا | | | 283 | 1975/9/5 | 5 |

مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی وەك مینەبەرێکی گرنگ، کە بەهۆیەوە توانراوە پەیامی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردی پێ بگەیەنرێت، لە نێو ڕۆژنامەی هاوکار بایەخی پێدراوە. لەو سۆنگەشەیەوە لە چەند بابەتێکی جیاوازدا تیشکخراوەتە سەر دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کوردستان ساڵی 1898، هەوڵەکانی پیرەمێرد لە ڕۆژنامەی ژین و ژیانەوە، ڕۆژنامەی هەولێر، گۆڤاری گەلاوێژ و گۆڤاری نزار. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری کورد بە گشتی لە قۆناغەکانی مێژووی کورد و ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری کوردی لە پەرەسەندنی خوێندەواری لە کۆمەڵگای کوردیدا بابەتی لە بارەوەی نووسراوە. (بڕوانە: خشتە ژمارە 6).

**خشتەی ژمارە (6)**

**بابەتی تایبەت بە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی**

| ناوی نووسەر | ناوی بابەت | زنجیرە | ژمارە | ڕێکەوت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| انور محمود | ڕۆژنامەی کوردستان پێشەنگی کاروانی ڕۆژنامەگەرێتی کوردییە | | 15 | 1971/4/24 | 4 |
| انور محمود | چاوخشاندنێك بە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان | یەکەم | 21 | 1971/6/26 | 6 |
| انور محمود | چاوخشاندنێك بە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان | دووەم | 22 | 1971/7/3 | 4 |
| انور محمود | چاوخشاندنێك بە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان | سێیەم | 23 | 1971/7/10 | 6 |
| سەیدا صالح یوسفی | خەبات و ئامانجی ڕۆژنامەگەری سیاسی کوردی | | 23[15] | 1970/6/15 | 1 |
| هاوار | پیرەمێرد و ڕۆژنامە | | 23 | 1970/6/15 | 2 |
| محەمەد بریفکانی | بەمناسەبەتی چەژنی صەحافەت | | 23 | 1970/6/15 | 3 |
| محەمەدی مەلا کەریم | ڕۆژنامەی کوردی و برایەتی کورد و عەرەب | | 23 | 1970/6/15 | 4 |
| عزالدین فەیزی | ئاورێك لە ڕۆژنامەی هەولێر | | 23 | 1970/6/15 | 5 |
| انور محمود | چاوخشاندنێك بە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان | چوارەم | 24 | 1971/7/17 | 6 |
| انور محمود | چاوخشاندنێك بە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان | پێنجەم | 25 | 1971/7/25 | 4 |
| ئەرسەلان بایز | لە بیرەوەری یۆبیلی ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستاندا | | 143 | 1972/11/24 | 4 |
| بورهان قانع | چاپخانەی ژین چارەگە سەدەیەك لەمەوبەر | | 148 | 1972/12/29 | 4 |
| عزیز محمود علی | دەوری ڕۆژنامە و گۆڤار لە خەباتی گەلی کورددا | | 171 | 1973/6/15 | 2 |
| عەبدوڵڵا بەرزنجی | دەبا ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی دورشمی سەرکەوتن و یەکێتی وخوێندەواری بێ لە کوردستاندا | | 171 | 1973/6/15 | 4 |
| | کوردستان بەرپەڕەکی زێرین ژمێژووا ڕۆژنامەگەریا کوردی | | 171 | 1973/6/15 | 5 |
| دانا | بەبۆنەی یادی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردییەوە | | 215 | 1974/4/26 | 2 |
| بیستون | پیرەمێرد | | 223 | 1974/6/21 | 3 |
| مەجید نەدیم | ڕۆژنامە | | 223 | 1974/6/21 | 5 |
| نەریمان | یادێك لە چەند دێڕێکدا | | 260 | 1975/3/28 | 4 |
| | بیرەوەری 77 ساڵەی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان | | 264[16] | 1975/4/25 | 1 |
| شنۆیی | یادی ڕۆژێکی پیرۆزی | | 264 | 1975/4/25 | 3 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | مێژوویی | | | | |
| نەریمان | ڕۆژی ڕۆژنامەگەری كوردی | | 264 | 1975/4/25 | 4 |
| لەتیف هەڵمەت | لە یادی دەرچوونی یەكەم ڕۆژنامەی كوردی | | 264 | 1975/4/25 | 5 |
| برهان قانع | ئەو دەنگەی تەمەنی 77 ساڵە | | 264 | 1975/4/25 | 6 |
| كەمال غەمبار | لە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری كوردیدا | | 264 | 1975/4/25 | 8 |
| نوری حەیران | لە بیرەوەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری كوردیدا | | 264 | 1975/4/25 | 8 |

وەك دەبینرێت لە لاپەڕەكانی ڕۆژنامەی هاوكاریدا، زەمینە بۆ نووسینەوەی بیرەوەی مێژوویی ڕەخسێنردراوە. لەو چوارچێوەیەشدا مەعروف قەرەداغی هەندێك لە بیرەوەری سەردەمی شێخ مەحموودی نووسیوەتەوە، هەروەها لە بابەتێكی دیكەدا ئاماژە بە چۆنییەتی ڕێكخستن و ئەنجامدانی ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لە لایەن یەكێتی قوتابیانی كوردستان لە نزیك گوندی بەحركە لە هەولێر لە 21ی مارتی 1958 كراوە. لە لایەكی دیكەشەوە جەمشید حەیدەری مەراسیمی بەرێوەچوونی ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی 1968 لە مۆسكۆ نوسیوە. بە دوای ئەوانەشدا محەمەدی مەلا كەریم هەندێك بیرەوەری لەگەڵ عاسم حەیدەری (1921-1971) و گەشتێكی بەشیر موشیریش بۆ سلێمانی، یادداشتكراوە. (بڕوانە خشتەی ژمارە 7).

هەر لە چوارچێوەی ڕەنگدانەوەی نووسینەوەی مێژووی كورددا، مێژووی زارەكی لە ڕێگەی گفتوگۆ و ئەنجامدانی دیدار لایەنێكی دیكەیە لە ڕۆژنامەی هاوكاری لای لێكراوەتەوە، بەمەش لە دیدارێكدا ئاماژە بە پێكهێنانی ژیانی هاوسەرگیری لە نێوان یەكێك لە هاوڕێكانی مەلا مستەفا بارزانی (1903-1979) و كچە ئاوارەیەكی كوردی باكووری كوردستان لە تاشقەند كراوە و چیرۆكی ئەو خێزانە لەسەر زاری كوڕەكەیان ئەحمەد محەمەد جولندی باسكراوە . لە لایەكی دیكە لە دیدارێكدا لەگەڵ زەكیە ئیسماعیل حەققی ئاماژە بە چۆنییەتی دامەزراندنی ڕێكخراوی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان كراوە و ڕۆڵ و تێكۆشانی ئەو ڕێكخراوە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە گفتوگۆی لە بارەوە كراوە. (بڕوانە خشتەی ژمارە 7).

شایەنی باسە، هەر لە بازنەی دیدار و گفتوگۆدا، عیزەدین فەیزی، ئەحمەد دڵزار و عەونی عوسمانی حەبیب لە سێ دیداری جیاوازدا ئاماژەیان بۆ تێكەڵاوبوون بە كاری سیاسی و خەبات و تێكۆشانی خۆیان كردووە، هەروەها لە دیدارێكدا سانیحەی كچی ئەمین زەكی بەگ لە بارەی كارەكانی باوكی بۆ ڕۆژنامەی هاوكاری قسەی كردووە . سەربارى ئەوانەش دیدار لەگەڵ سەركردەكانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران كراون، لە میانەی دیدارەكاندا تیشكخراوەتە سەر سیاسەتی ڕژێمی ئێران بەرانبەر بە كورد لە پەنجاكان سەدەی ڕابردووە بە دواوە. (بڕوانە خشتەی ژمارە 7).

وەلێ دەبێت ئەوەش بووترێت دیدار و گفتوگۆكان لە ڕۆژنامەی هاوكاری تەنیا لایەنی سیاسی نەگرتۆتەوە، چونكە لە دوو ژمارەدا دیدار لەگەڵ كۆنترین وێنەگری شاری سلێمانی یەحیا سەعید ئەفەندی و ژمارەیەك هەلاجی شاری سلێمانی لە بارەی پیشەی هەلاجی لە كوردستان ئەنجام دراون. (بڕوانە خشتەی ژمارە 7).

**خشتەی ژمارە (7)**

**بابەتی تایبەت بە بیرەوەری و دیداری مێژوویی**

| ناوی نووسەر | ناوی بابەت | زنجیرە | ژمارە | ڕێكەوت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| | چەژنی نەورۆز یەكێتی قوبیانی كوردستان | | 11 | 1970/3/28 | 4 |
| جەمشید حەیدەری | ئاهەنگی نەورۆز لە ئەوروپا | | 11 | 1970/3/28 | 5 |
| | چیرۆكی پێشمەرگەیەك | | 19 | 1970/5/23 | 8 |
| | یەكێتی ئافرەتانی كوردستان تێكۆشەر زەكیەی حەققی ... | | 52 | 1971/1/2 | 9 |
| محەمەد مەلا كەریم | لە چلەی كاك عاصم حەیدەری دا چەند بیرەوەرییەكی خۆش | | 31 | 1971/9/4 | 5 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ممتاز حەیدەری | مامۆستا عیزەدین فەیزی بیرەوەری خۆی بۆ هاوکاری ئەگێڕێتەوە | | 117 | 1972/5/20 | 3 |
| ممتاز حەیدەری | دڵزار بۆ هاوکاری ئەدوێ | | 133 | 1972/9/9 | 6 |
| ممتاز حەیدەری | مامۆستا عونی حەبیب بیرەوەری خۆی بۆ هاوکاری باس ئەکا | | 137 | 1972/10/7 | 7 |
| فەهمی قەرەداغی | لەگەڵ کۆنترین وێنەگر لە سلێمانی | | 148 | 1972/12/29 | 8 |
| فەهمی قەرەداغی | هەلاجی لە کوردستاندا | | 149 | 1973/1/5 | 8 |
| بەشیر موشیر | گەشتێك بە سلێمانی دا | | 183 | 1973/9/7 | 6 |
| | چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سانحەی کچی ئەمین زەکی بەگ | | 226 | 1974/10/12 | 6 |
| دانا | سەرکردەیەکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تیرۆرو ... | یەکەم | 227 | 1974/7/26 | 2 |
| دانا | سەرکردەیەکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تیرۆرو ... | دووەم | 228 | 1974/8/2 | 2 |
| مەعروف قەرەداغی | لاپەڕەیەکی شاراوە لە مێژووی مێژووی کورد | | 244 | 1974/11/29 | 4 |

لایەنێکی دیکە، کە لە چوارچێوەی نووسینەوەی مێژووی کورد لە ڕۆژنامەی هاوکاری بەرچاو دەکەوێت ڕەخنە و سەرنج و خوێندنەوەی خوێنەرانە بۆ ئەو کتێب چاپکراوانەی لە بارەی مێژووی کوردەوە نووسراون وەك: کتێبی بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیریی کورد لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیستەم لە نووسینی ڕەمزی قەزاز، کتێبی (امارة بهدينان العباسية) لە نووسینی مەحفوز عەباسی، (القضية الكردية) لە نووسینی بلەج شێرکۆ، (اكراد ملي وابراهيم پاشا) لە نووسینی ئەحمەد عوسمان، شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی وەرگێڕانی هەژاری موکریانی، بەسەرهات و ژیانی زانا و ئەدیب و شاعیری ناوداری کورد مەلا محەمەد کۆیی لە نووسینی عەبدولخالق عەلائەدین، مەلای گەورەی کۆیە لە نووسینی مومتاز حەیدەری، چیم دی بیرەوەرییەکانی ئەحمەد خواجە و کوردستان لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە نووسینی کەمال مەزهەر. (بڕوانە خشتەی ژمارە 8)

**خشتەی ژمارە (8)**

**بابەتی ڕەخنەیی تایبەت بە کتێبی مێژوویی**

| ناوی نووسەر | ناوی بابەت | زنجیرە | ژمارە | ڕێکەوت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| محەمەد حەمە باقی | بزوتنەوەی سیاسی ڕۆشنبیری کورد | | 23 | 1971/7/10 | 6 |
| صدیق علی ئامێدی | میرێن بەهدینا کورد بوینە نەکو عەبباسی | | 132 | 1972/9/2 | 5 |
| فارس عبدالله حمو | دیرۆکا شۆڕشێت کوردان و گۆڕینێت بسەرداهاتین | یەکەم | 197 | 1973/12/14 | 5 |
| فارس عبدالله حمو | دیرۆکا شۆڕشێت کوردان و گۆڕینێت بسەرداهاتین | دووەم | 200 | 1984/1/11 | 5 |
| خەلیل جوندی | ئیبراهیم پاشای میللی | یەکەم | 247 | 1974/12/20 | 4 |
| خەلیل جوندی | ئیبراهیم پاشای میللی | دووەم | 248 | 1975/1/3 | 5 |
| خەلیل جوندی | ئیبراهیم پاشای میللی | سێیەم | 249 | 1975/1/10 | 5 |
| خەلیل جوندی | ئیبراهیم پاشای میللی | چوارەم | 250 | 1975/1/17 | 5 |
| معروف قەرەداغی | سەرنجێك دەربارەی کتێبەکەی شەرەفنامە | | 252 | 1975/1/31 | 5 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کەریم شارەزا | کتێبی بەسەرهات و ژیانی مەلا محەمەی کۆیی و چەند تێبینییەك | | 253 | 1975/2/7 | 3 |
| هەژار جاف | ڕاستکردنەوەیەکی مێژوویی | | 253 | 1975/2/7 | 5 |
| سابیر ڕەشید | کتێبی مەلا محەمەی کۆیی و ڕەخنە لەسەر چەند تێبینییەك | | 258 | 1975/3/14 | 3 |
| عبدالخالق علاءالدين | کتێبی مەلا محەمەدی کۆیی ڕەخنە و نووسەرێك | | 260 | 1975/3/28 | 3 |
| محمدی ملا کریم | کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی جیهاندای دوکتۆر کەمال مەزهەر ... | | 290 | 1975/10/31 | 10 |

### 3. مێژووی ژیان و تێکۆشانی کەسایەتی و ناودارانی کورد لە ڕۆژنامەی هاوکاری دا

لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا بە ئەندازەیەکی بەرچاو بابەت لەسەر مێژووی ژیانی کەسایەتی و ناودارانی کورد نووسراون، بە جۆرێك تیشك خراوتە سەر مێژوو ژیان و ڕۆڵیان لە قۆناغە مێژووییەکاندا، لە وانە: ئەحمەد فەتاح حاجی ئیبراهیم مەحمود بەگی ساحێبقران ناسراو بە حەمدی (1878-1936)، ئەحمەد محەمەد ناسراو بە مەلای جزیری (1407-1481)، ئەحمەد موختار بەگی جاف (1897-1935)، مەلا ئەنوەر مائی (1913–1963)، ئیبراهیم ئەحمەد عەلی شەمسەدین ناسراو بە مەلا ئیبراهیمی شاعیر (1872-1952)، بابا تاهیری هەمەدانی (938-1020)، بەشیر موشیر (1888-1963)، تاهیر بەگی جاف (1878-1919)، تاهیر بەهجەت مریوانی(1905-1971)، شێخ تاهیر شێخ عەبدوللەتیف بێدەری ناسراو بە فوئادی شاعیر (1890-1925)، حاجی تۆفیق مەحمود ئاغا حمزە ئاغا ناسراو بە پیرەمێر (1867-1950)، جەلادەت بەدرخان (1897-1950)، حەپسەخانی نەقیب (1891-1953)، میرزا حەسەن (1925-1958)، حەسەن بەگی جاف (؟-1973)، حەمدی بەگی بابان (1870-1960)، حوسێن حوزنی موکریانی (1893-1947)، خانی قوبادی (1700-1795)، مەولانا خالیدی نەقشبەندی (1776-1828)، خواجە ئەفەندی (1841-1942)، شێخ ڕەزای تاڵەبانی (1831-1910)، ڕەشید کابان (1876-1940)، ڕەفیق حیلمی (1898-1960)، ڕەمزی مەعروف، ساڵح بەگی ساحێبقران (1886-1944)، ساڵح مەلا نەسروڵڵا زێوەیی ناسراو بە حەریق (1851-1907)، سەعید کابان (؟-1961)، سلێوە یەڵدا ناسراوە بە سێوە (1891-1963)، عابدین نورڵڵا ناسراو بە عابدینی جاف (1223-؟ )، عارف سائیب (1892-1923)، عەبدولحەمید میرزا عەبدولکەریم ناسراو بە مەجدی (1849-1877)، عەبدولڕەحمان بەگی ساحێبقران ناسراو بە سالم (1800-1869)، شێخ عەبدولقادر فیغانی (1908-1966)، حاجی مەلا عەبدوڵڵا جەلی زادە (1834-؟)، عەبدولواحید نووری (1904-1944)، مەلا عەبدوڵڵا بێتۆشی، عەبدوڵڵا زێوەر (1875-1948)، میرزا عەبدولڕەحیم مەلا غەفوور مەلا نەسروڵڵا ناسراو بە وەفایی (1844-1902)، فایەق عەبدوڵڵا ناسراو بە بێکەس(1905-1948)، شێخ قادری بەرزنجی (1895-1950)، حاجی قادری کۆیی (1817-1897)، قەدری جان (1916-1972)، کەریم خانی زەند (1750-1796)، شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموود (1917-1972)، شێخ لەتیفی دانساز (1886-1948)، شێخ مارفی قەرەداغی، شێخ محەمەدی خاڵ (1904-1989)، محەمەد عەلی مستەفا قەرەداغی (1869-1972)، محەمەد کوڕی شێخ ڕەزا ناسراو بە خالیس (1875-1923)، محەمەد کوڕی شێخ عەبدولقادری دۆڵاشە مەریوان ناسراو بە قانع (1898-1965)، میرزا محەمەد لافاو (1887-1952)، محەمەد ئەمین زەکی (1880-1948)، مەلا محەمەی گەورەی کۆیە (1873-1943)، مەلا مستەفا بابارەسوڵ ئەبوبەکر ناسراو بە عاسی(1885-1975) ، مستەفا بەگی کوڕی مەحموود بەگی ساحێبقڕان ناسراو بە کوردی (1809-1849)، مەحمود جەودەت (1889-1937) ، مەحمود موفتی حاجی مەلا ئەمین حاجی مەلا ئەحمەدی چاومارە ناسراو بە بێخود (1879-1955)، شێخ مەحمودی حەفید(1881-1956)، مەمەند ئاغای ڕەسوڵ ئاغای مەرگە ناسراو بە فانی (1901-1972)، ناری (1874-1944)، نەجمەدینی مەلا (1898-1963)، شێخ نورەدین جەلی زادە (1882-1952 )، یار محەمەد خانی کرماشانی، یونس ڕەئوف ناسراو بە دڵدار (1918-1948). لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت لە چوارچێوەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی هاوکاریدا شەست و سێ کەسایەتی و ناوداری کورد مێژووی ژیانیان نووسراوەتەوە. (بڕوانە: خشتەی ژمارە 9).

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، لەگەڵ بایەخدان بە نووسینەوەی ژیاننامە و ڕۆڵی ناودارانی کورد، لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا چەندین لاپەڕە بۆ مێژووی تێکۆشانی ئەو تێکۆشەرانە تەرخانکراوە، کە لە قۆناغەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد گیانی خۆیان بەختکردووە، بەمەش لەسەر هەر یەك: لە خەیروڵڵا عەبدولکەریم (1912-1947)، محەمەد قودسی (1921-1947)، مستەفا خۆشناو(1912-1947)، عیزەت عەبدولعەزیز (1912-1947)، قازی محەمەد (1893-1947)، مەلا ئەحمەدی شەلماشی ناسراو بە مەلا

ئاوارە (1934-1968)، مەلا مەحمود ئەحمەد زادە ناسراو بە مەلا مەحمود زەنگەنە ( ؟ - 1967). مەلا قادری ڕەحیمی وێردی (1945-1973) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سمایل شەریف زادە (1942-1968)، ساڵح لاجانی (1938-1967) و هاوڕێکانی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بابەت نووسراون و ئاوڕ لە مێژووی خەبات و تێکۆشانیان دراوەتەوە. (بڕوانە: خشتەی ژمارە 9).

**خشتەی ژمارە (9)**

**بابەتی تایبەت بە ژیان و تێکۆشانی کەسایەتی و ناودارانی کورد**

| ناوی نووسەر | ناوی بابەت | وەرگێڕ | زنجیرە | ژمارە | ڕێکەوت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گیو موکریانی | حوزنی موکریانی نەمر | | | 23 | 1970/6/15 | 5 |
| | ژیانی پیرەمێر | | | 24 | 1970/6/20 | 2 |
| ممتاز حەیدەری | خوێنی شەهیدان سەرکەوتن تەخت دەکات | | | 24 | 1970/6/20 | 4 |
| | یادی بیرەوەری شەهیدانی کوردستان و پیرەمێری شاعیر | | | 25 | 1970/6/27 | 8 |
| کەمال مصطفی معروف | محەمەد ئەمین زەکی بەگ شاسواری مێژوونووسانی کورد | | | 27 | 1970/7/11 | 2 |
| جەمال خەزنەدار | بیرەوەری 10 ساڵەی کۆچی دووایی مامۆستا ڕەفیق حیلمی | | | 30 | 1970/8/1 | 3 |
| | بیرەوەری 23 ساڵەی کۆچی دوایی حوسێن حوزنی موکریانی | | | 37 | 1970/9/19 | 2 |
